ئومێد خۆشناو: هەموو هەوڵێک دەخرێنە گەڕ بۆ ئاوەدانی ئەمساڵ کێشەی نەبوونی ئاو لە هەولێر سڕەوێتەوە



پارێزگای هەولێر تواوی هەوڵەکانی خۆی دەدات بۆ ئاوەدانی هاوینی ئەمساڵ کێشەی نەبوونی ئاو لە هەولێر سڕەوێتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگای هەولێر، ڕۆژی پێنجشەممە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، سەرپەرشتیی کەبوونەوەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ئامادەکاریی بۆ وەرزی هاوین و دابین کردنی ئاوی ماڵان کرد.

لە کەبوونەوەکەدا کە جێگرانی پارێزگار و قائیمقامی قەزای ناوەند و بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان و سەرکی شارەوانیی هەولێر و بەڕێوەبەرانی ئاوی هەولێر و ئاوی ژێر زەوی، ئاوی دەوروبەر، بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری موولیدەکان ئامادەیی بوون، پارێزگاری هەولێر لایەنە بەشداربووەکان و پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد، چارەی هەر کێشەیەک بکەن کە پەیوەندیی بە دابەشکردنی ئاوی گەك و ماڵەکانەوە هەیە، ئەوەش لە ڕێگەی چاککردنەوەی ئامێرەکان، لێگەڕان دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ بیرەکان، بە جۆرێك کە بۆ وەرزی هاوینی ئەمساڵ کێشەی ئاوی خواردنەوەی پێویستی ماڵان دروست نەبێت.